حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

Kurdistan Regional Government
Ministry of interior
(ISO 9001:2015)

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

ژمارە: ٧٤٤ / ل
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٤ کوردی

العدد:
التأريخ: ١٨ / ٨ / 2024

**بۆ/گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**
**بابەت/ ئۆتۆمبێلی میری**

ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە میرییەکان و خەرجکردنی سووتەمەنی بە کارتی ئەلکترۆنی وە لەبەر زۆربوونی دیاردەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی میری دوای دەوامی فەرمی.
بڕیارماندا بە:

١-جەخت دەکەینەوە لەسەر ناوەڕۆکی نوسراومان ژمارە(٦٢٠ لە ٢٠١٩/٦/٢٠ )کە وێنەیەکی هاوپێچە سەبارەت بە نوێکردنەوەی تابلۆی میری ئۆتۆمبێلە حکومیەکان و لێدانی لۆگۆی خزمەتگوزاری و جەخت لەسەر ناوەڕۆکی نوسراومان ژمارە(٨٢٧ لە ٢٠١٩/٨/١٨) دەکەینەوە کە وێنەیەکی هاوپێچە لەگەڵ نوسراوماندا وێنەیەک لە لۆگۆی ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری حکومی و نوسراوی ئاماژە پێکراوی سەرەوەمان بۆتان ڕەوانە دەکەین،تکایە لە لایەن خۆتانەوە ئاگاداری گشت بازگەکان بکرێت کە ئەم لۆگۆیە تەنیا بە مەبەستی دیارکردنی خزمەتگوزاری بوونی ئەم ئۆتۆمبێلەیە نەک بۆ بابەتی ئەمنی،و بە پێی ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٨ ماددەی نۆزدەیەم برگەی(٢) هەر ئۆتۆمبێلێکی حکومی تابلۆی دیکە بەکاربهێنێت جگە لە تابلۆی میرییەکەی و ئەو تابلۆ شارستانیانەی کە بە پێی ڕێنماییەکان بۆی دابین کراوە یان لۆگۆی ئۆتۆمبێلی حکومی لە ئۆتۆمبێلەکەی نەچەسپاندبێت یان لێ بکاتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت وە ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەکرێتەوە و بە پێی برگەی(٢)ی هەمان ماددە پۆلیسی هاتووچۆ و مەفرەزەکانی پۆلیس و ئاسایش و بازگەکان برگەی (٢)ی ئەم ماددەیە جێبەجێ دەکەن و پێشلکاران بە نوسراوی فەرمی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە ڕادەستی بەشی لێکۆڵینەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ دەکەن بە مەبەستی ناردنیان بۆ دادگا و ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەکەی.
٢- جەخت لەسەرناوەڕۆکی نوسراومان ژمارە(٩٠٩ لە ٢٠١٩/٩/٢٥) دەکەینەوە سەبارەت بە باجی ڕێگەپێدانی دوای دەوامی فەرمی کە وێنەیەکی هاوپێچە لەگەڵ نوسراوماندا وێنەیەک لە فۆڕمی داواکردنی باجی ڕێگەپێدانی ئۆتۆمبێلی دوای دەوامی فەرمی بۆتان ڕەوانە دەکەین بە مەبەستی پێدانی باجی ڕێگە پێدان تەنها بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە کە پێویستی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتتانن بۆ کاری خزمەتگوزاری میری،بۆ ئاگاداریتان فۆڕمی هاوپێچ لە وێبسایتی وەزارەتی ناوخۆ دانراوە بە ناونیشانی(http://moi.gov.krd) و دەبێت فۆڕمەکە بە جیا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک بە کۆمپیوتەر پڕ بکرێتەوە و هەر ئۆتۆمبێلێک شۆفێری تایبەتی هەبێت و وێنەی شۆفێر لە فۆڕم لێدرابێت و هۆکاری بەکارهێنانی دوای دەوامی فەرمی بە ڕوونی دیار بکرێتەوە و دواتر فۆڕمی داواکاری بۆ لێژنەی باڵا بەرزبکرێتەوە بە مەبەستی پێداچوونەوە و دەرکردنی باجی ڕێگەپێدان بۆ ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دوای دەوامی فەرمی وەزارەتی و لایەنی نەبەستراوەکانی بە وەزارەت دەکرێت ئەو ئۆتۆمبێلانە بەکاربهێنرێت بۆ کاری دامەزراوەکانیان.
٣-ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی لەگەڵی بوو بە بێ فەرمانی شاندکردنی دەبێت ڕێگەی پێ نەدرێت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ڕێگای بازگەکان هاتووچۆ بکات.
٤-ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری دەبێت لە پاش کۆتایی هاتنی ئەرکی فەرمی لە گۆڕەپانی فەرمانگە یان هەر فەرمانگەیەکی حکومی نزیک شوێنی نیشتەجێبوونی شوفێرەکە ڕادەگیرێت و لەلایەن بەرپرسی گۆڕەپان یان پاسەوانی ئیشکگر ڕۆژانە پەسەند دەکرێت بەپێی تۆمارێک کە لەلایەن لێژنەی باڵا ئامادە دەکرێت.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری

وەزارەتی ناوخۆ — وەزارەتی دارایی وئابووری
لێژنەی باڵای
خەرج کردنی سووتەمەنی بە سیستەمی کارتی ئەلیکترۆنی